## کاتێک کێشە گەرمەکان پێویستیان بە وەڵامی واقیعییانە بێت

# میدیاکان لە دەوری بارزانی کۆدەبنەوە



سەرۆکی کوردستان بۆ العربية

## پرسی کورد لەوە دەرچووە پیلان لە دژی بگیرێت و، مردن هەڵدەبژێرین و کڕنووش بۆ کەس نابەین

**بە درێژایی مێژوو کورد لە شەڕدا دەستپێشخەرنەبووە و پرسی هێرش بوون لە کولتووری کورددا نەبووە، بەڵام هەمووکات کورد ئامادەبووە بۆ بەرگریکردن**

**کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا پەناگەی هەموو خەباتگێڕێکی عەرەب و غەیرە عەرەب بوو کە دروشمی دیموکراسی و ئازادیان بەرزدەکردەوە و تووشی هەڵاتن و ڕاوەدوونان دەبوون**

ئەو پرسیارانەی پێویستیان بە وەڵامی واقیعییانە هەیە، پرسیار گەلێکی زۆرن و ڕۆژنامەنووسان بەردەوام بە دوایدا وێڵن و ئەو سەرۆک و سەرکردانەش کەمن کە لە ڕۆژی سەخت وچارەنووسسازدا وەڵامی واقیعی و حەکیمانە بدەنەوە و ڕاشکاوانە و بێ ترس شرۆڤەی بارودۆخەکە بکەن، هەربۆیە کە بارودۆخی عێراق وکوردستان و ناوچەکە لەسەروبەندی یەکلایکردنەوە و چاوەڕوانی گۆڕانکاریدا بێت، زۆربەی کەناڵ و ڕۆژنامە عەرەبی وبیانیەکان، ڕێگەی سەری بڵند وبارەگای سەرۆکی کوردستان دەگرنەبەر.

موسداقییەتی وتەکانی سەرۆک بارزانی لەسەر ئاستی میدیای جیهان لە ئاستێکی ئەوتۆدایە کە دۆست و هاوپەیمان و تەنانەت دوژمنەکانیش حسابی وردی لەسەردەکەن و لەسەر یەکە یەکەی وشەکان ڕادەوەستن، بەڵام لەبەر ئەوەی لێدوانەکانی سەرۆکی کوردستان لە بڕوابوون بەرەوایی کێشەی گەلی کوردستان وبڕوابوون بە زمانی دیالۆگ و ئاشتی و دژایەتیکردنی زوڵم وزۆرداری و زمانی بێزار و نەویستراوی توندوتیژیە، بەردەوام کۆ دەنگیەکی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و عەرەبی و جیهانی لەسەر دروست دەبێت و دەچێتە چوارچێوەی شەرعیەتی نێودەوڵەتییەوە .

دیداری ئەمجارەی سەرۆکی کوردستان لەگەڵ کەناڵی« العربیە» نموونەیەکی دیکەی لێدوانی واقیعی وبڕوابوونی سەرۆکی کوردستان بوو بە ئیرادەی گەلی کوردستان و، گەلانی عێراق و، بە جۆرێک وەڵامەکانی کاریگەرییان هەبوو، کە بڕگەکانی لێدوانەکە بووە مانشێتی زۆربەی کەناڵ وجۆرناڵی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی.

### بڕوابوون بە ئیرادەی لاوان بۆ بەرگریکردن لە کوردستان

ئەو بارودۆخە ئارام و سەقامگیرەی کوردستان، بەشێوەیەک کاریگەری ئیجابی لەسەر ئەو خەڵکانە هەیە کە دێنە کوردستان، سیمای دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبینن، یان بە هەنگاو هەڵگرتن بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆی دادەنێن، هەربۆیە ئەو پرسیارەی لایان دروست دەبێ، ئەگەر سەرۆکی کوردستان نییەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بێت، ئەو دەوڵەتە چۆن دەپارێزرێت، سەرۆکی کوردستان بەمجۆرە وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتە:

« دامەزراندنی دەوڵەت بۆ میللەتی کورد مافێکی شەرعیە و پێویستە ئەم ئامانجە بێتە دی، بەڵام بەبێ بەکارهێنانی توندووتیژی و من لەگەڵ توندوتیژی نیم، بەڵام ئەگەر توندوتیژییان لەبەرامبەرمان بەکارهێنا، ئەوکات مافی ڕەوای خۆمانە بەرگری لەخۆمان بکەین، من هانی گەلەکەم دەدەم بەشێوازی دیموکراسی وئاشتیانە خەبات بکرێت، بەڵام ئەگەر تەعدامان لێکرا بەرگری لەخۆمان دەکەین» .

هەڵسەنگاندنی چۆنییەتی بەرگریکردن لە کوردستان لای چاودێرو ڕۆژنامەنووسان پەیوەستە بە هاوسەنگی هێز و بەرژەوەندی هاوبەش و سوپای گەورە، بەڵام لای سەرۆکی کوردستان پەیوەستە بە ئیرادەی لەبن نەهاتووی گەلی کوردستان و بەمجۆرە ڕاشکاوانە دەدوێت:

« کورد هەرگیز شەڕی هەڵنەبژاردووەو هەمووکات شەڕی بەسەردا سەپێنراوە، بە درێژایی مێژوو کورد لە شەڕدا دەست پێشخەرنەبووە و پرسی هێرش بوون لە کەلتوری کورددانەبووە، بەڵام هەمووکات کورد ئامادەبووە بۆ بەرگریکردن. بێگومان ژمارەیەکی زۆری لاوەکانی کوردستان کە ئێستا جلوبەرگی ئەوروپیان لەبەردایە، بێگومان لە کاتێکدا دوژمنداری بکرێتە سەر کوردستان هەموویان دەبنە پێشمەرگە و جەنگاوەری بەهێز .

### هەرێمی کوردستان هەمووکات نەوایەکی ئارام بووە بۆ دیموکراسیخوازان

نەک ئێستا بەڵکو لەسەردەمی شۆڕش و خەباتی چەکداریشدا، ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش پێگە و پەناگەی ئارام وحەوانەوەی سەرجەم شۆڕشگێرانی ئازادیخوازی عێراق بووە، لە دوای ڕاپەڕینیشەوە هەرێمی کوردستان شوێنی کۆبوونەوە و چالاکی سەرجەم




**ئەگەر بچنە زانکۆکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک ئەو هەموو مامۆستا عەرەبانە دەبینن کە هاتوونەتە کوردستان و دامەزراون وکار دەکەن، هەروەها پزیشک و بازرگانەکانیش**

**لە ڕاپەڕینی «١٩٩١» کە جارێ هێشتا خوێن لە برینەکانمان دەچۆرا«٢» فەیلەقی عێراقی خۆیان دا بەدەستەوە، بەڵام سەربازێک یەک وشەی خراپی لە کورد نەبیست**

ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بووە، لەو کاتەوەشی کە بارودۆخی ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاست پشێووی و ئاڵۆزی تێکەتووە دیسان کوردستان بۆتەوە ماڵی دووەمی ئەو عێراقییانەی لە ئاکامی توندوتیژی هەڵدێن و ڕوودەکەنە کوردستان، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناوی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری دەڤەرەکە و سەلامەتی ئەوانەی ڕوو دەکەنە کوردستان، هەوڵدەدات ڕێگری لەو تیرۆریستانە بکات کە دەیانەوێت لە ژێر پەردەی پەنا بەریدا ئارامی و سەقامگیری کوردستان بشیوێنن، بەڵام ئەوانەی کە هاووڵاتی ئاسابیبوون دەیانەوێت لە ئارامی و سەقامگیری کوردستاندا سوود وەبگرن، وەک هاووڵاتی کوردستان مامەڵەیان دەکرێت.

بەداخەوە ئەم ڕێوشوێنە مۆدێرن و هاوچەرخەی حکومەتی کوردستان، بەشێوەیەکی دیکە دەخوێنرێتەوە تۆمەتی ئەوەمان بۆ هەڵدەبەستن ڕێگە نادرێت هاووڵاتییانی عێراقی بێنە کودرستان، سەبارەت بەم پرسە بەڕێز سەرۆکی کوردستان بەمجۆرە بۆچوونی خۆی ڕوونکردەوە:

« زۆر بەداخەوە هەڵمەتێکی زاڵمانە بۆ شێواندنی ڕووخساری کورد و پرسەکەی لە ئارادایە، کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا پەناگەی هەموو خەباتگێرێکی عەرەب و غەیرە عەرەب بوو کە دروشمی دیموکراسی و ئازادیان بەرزدەکردەوە و تووشی هەڵاتن و ڕاوەدوونان دەبوون، لە هیچ وڵاتێکی عەرەب جێگەیان نەدەبۆوە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان نەبێت، ئێستاش تیرۆر لە هەموو جیهان بەگشتی و بەتایبەتی لە عێراقدا هەیە، ئەگەر بچنە زانکۆکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک ئەو هەموو مامۆستا عەرەبانە دەبینن کە هاتوونەتە کوردستان و دامەزراون وکار دەکەن، هەروەها پزیشک و بازرگان، بەڵام گەر کەسێک نەناسراوبوو، ئەوا دەسەڵاتی ئاسایش پێویستە لە ناسنامەی ئەو کەسە بکۆڵێتەوە، لە ڕاپەڕینی «١٩٩١» کە جارێ هێشتا خوین لە برینەکانمان دەچۆرا«٢» فەیلەقی عێراقی خۆیان دا بەدەستەوە، بەڵام سەربازێک یەک وشەی خراپی لە کورد نەبیست،

هەربۆیە دەرگای کوردستان بۆ هەموو ئەو خەڵکانە والآیە، ماڵی خۆیەتی و وەک میوان سەیرناکرێت».

**هەر وڵاتێکی ئیقلیمی دەست لە کاروباری ناوخۆمان وەربدات قبوڵ ناکرێت**

کورد نە لەسەر بنەمای مەزهەبی بیر دەکاتەوە، نە لەسەر پاشکۆ بوون بۆ ئەم دەوڵەتی ئیقلیمی یان ئەوی دیکە، لای کورد، کورد هەر کوردە ئینجا موسڵمان بێت یان غەیرە موسڵمان، یان سونەبێت یا شیعە، هەروەها پرسی دەستێوەردانیش لە کاروباری ناوخۆی وڵات، دەستێوەردانە و قبوڵ ناکرێت، ئەوە تورکیا بێت یان ئێران یان سوریا، هەربۆیە کاتێک ئەم پرسە ڕووبەڕووی سەرۆکی کوردستان دەکرێتەوە بەم ڕاشکاوییە وەڵام دەداتەوە:

« ئێران نفوزێکی زۆری لە نێو شیعەکاندا هەیە. ئەمە شتێکی ئاشکرایە، ئێمەش بیستومانە ئێران دەست لە کاروباری عێراق وەردەدات، بەڵام ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان نییە و لە کوردستانیشەوە ئەم مەسەلەیە بوونی نییە».

دەربارەی مەسەلەی مەزهەبیش لە نێو کورددا بەڕێزی گوتی:

**سونە پەنا بۆ توریکا دەبات و دژی فیدرالیزم ڕادەوەستێ**

فیدرالیزم تەنیا ڕێگەیە بۆ ئەوەی عێراق بە یەگکرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام ئەم مانەوەیەش دەبێ لەسەر بنەمای یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە بێت، سەرۆکی کوردستان دەربارەی فیدرالیزم و هەڵوێتسی سونە ڕاشکاوانە دەڵێت:

« بە بەڵگە سەلمێنراوە هەر یەکێتیەک بە زۆر، یان هەر دابەشکردنێک بە زۆر، شکست دێنێت».

برایانی سونە مافی ئەوەیان هەیە وەک کورد و شیعە داوای مافی خۆیان بکەن، بەڵام ئەگەر داواکەن نابێ کورد و شیعە داوای فیدرالیزم بکەن، ئەوە مافی ئەوەیان نییە».

دەربارەی ئەوەی سونەکان ئیدیعای ئەوە دەکەن ئێران دەست لە کاروباری عێراق وەردەدات، سەرۆکی کوردستان گوتی: بەشێک لە سونەکان دژی دەستێوەردانی ئێرانن، بەڵام دەچن پەنا بۆ تورکیا دەبەن و داوا لە سوپای تورکیا دەکەن تەدەخول بکات، ئەمە یاریکردنە بە ئاگر، ئەمە چ مانایەکی هەیە دژی ئێران بێت و دەستێوەردانی تورکیا قبوڵ بکات؟

ئەوەی دژی دەستێوەردانبێت کەسێکی نیشتمانپەروەر و عێراقیە و دەتوانین لەسەر هەموو ئەو گەرەنتییانە لەگەڵی ڕێککەوین کە داهاتووی هەموومان دەپارێزێت».

**کەرکووک بەرامبەر دیاربەکرە**

دەربارەی ئەو مەترسییانەی کورد لە ئایندە هەیەتی، بێگومان کورد مارانگازی دەستی دیکتاتۆرییە، هەر بۆیە پێش هەر شێتک دژی دیکتاتۆری ڕادەوەستێ، سەبارەت بە دەستێوەردانی دەوڵەتانی دروسێش، کورد پەیامی ڕاشکاوانەی خۆی هەیە و ئەوەی پێی خۆشە یان پێی ناخۆشە دەبێ باش لێی تێبگات.

سەرۆکی کوردستان دەربارەی ئەم واقیعە بەم ڕاشکاویە هاتە ئاخاوتن :

« پەنا بە خوا دیکتاتۆری ناگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات، بەڵام ترسمان لە دیکتاتۆری هەیە و مومکین نییە ڕێگە بدەین بە گەڕانەوەی دیکتاتۆری.

سەبارەت بە مەترسی کورد لە تورکیا سەرۆکی کوردستان گوتی:

«نەخێر ترسمان نییە، ئێمە دەڵێین ڕێگەنادەین تورکیا دەست لە کاروباری کەرکووک وەربدات، هەروەک چۆن ئەوان ڕێگەمان پێنادەن دەست لە کاروباری ئەوان وەربدەین، ڕاستە ئەوان بەهێزن بەڵام لە هێزەکانیان نەترساوین و چەند بەهێزبن بە قەدەر هێزی سەدام نابن، لەبەر ئەوەی ئەوان دەست لە کاروبارێک وەردەدەن کە پەیوەندی بەوانەوە نییە و، دەست لە کاروباری دەوڵەتێکی دیکە وەردەدەن، کەرکوک شارێکی عێراقییە بەناسنامەی کوردستانی، ئەگەر تورکیا ڕێگەی بەخۆیدا دەست لە کاروباری کەرکووک وەربدات، ئێمەش دەست لە کاروباری دیاربەکر و شارەکانی دیکەی کوردنشین وەردەدەین.

**ئێمەش بیستومانە ئێران دەست لە کاروباری عێراق وەردەدات، بەڵام ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان نییە و لە کوردستانیشەوە ئەم مەسەلەیە بوونی نییە**

**ڕێگەنادەین تورکیا دەست لە کاروباری کەرکووک وەربدات، هەروەک چۆن ئەوان ڕێگەمان پێنادەن دەست لە کاروباری ئەوان وەربدەین**

**ئەگەر تورکیا ڕێگەی بەخۆیدا دەست لە کاروباری کەرکووک وەربدات، ئێمەش دەست لە کاروباری دیاربەکر و شارەکانی دیکەی کوردنشین وەردەدەین**